# ئايا دروسته ناوى كچان به ( فردەوس ) يان ( جنة ) بنرێت ؟

[ كردي – كوردى – kurdish ]

موفتى : سايتى ئيسلام پرسيار ووەڵام

www.islamqa.com

وەرگێڕان : دەستەى بەشى زمانى كوردى لە ماڵپەڕى ئيسلام هاوس

پێداچونەوەى :پشتيوان سابير عەزيز

٢٠١٠ - ١٤٣١

islamhouse.com

# ﴿ هل يجوز تسمية البنت باسم "فردوس" أو "جنة"؟ ﴾

« باللغة الكوردية »

إفتاء : موقع الإسلام سؤال وجواب

www.islamqa.com

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ئایا دروستە ناوی کچان بە ( فردەوس ) یان ( جنة ) بنرێت ؟

**پرسیار :** بەیارمەتی خوای گەورە چاوەڕوانی ئەوەم کچێکمان ببێت، وە دەمەوێت ناوی بنێم ( فیردەوس ) بەڵام پێش ئەوەی ناوی بنێیم، ئەمەوێت بپرسم ئایا حوکمی ناونانی کچان بەناوی ( فیردەوس ) یان ( جنة ) چیە ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە .

ئەصڵ و بنەما لەم مەسئەلەیەدا ئەوەیە دروستە هەموو ناوێك بنرێت لەمنداڵان، جگە ئەوە ناوانە نەبێت کە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام ڕێگری لێ کردووە .

لەم بارەیەشەوە لە ( الموسوعة الفقهية ) بەرگی ١١ لاپەڕە ٣٣١ دا هاتووە کە دەڵێت : ( الأصل : جواز التسمية بأي اسم إلا ما ورد النهي عنه)

واتە : لەبنەمادا وایە کە دروستە بەهەر ناوێکەوە ناو بنرێت جگە لەو ناوە نەبێت کە لەشەرعدا قەدەغەی لێکراوە .

ئەوەیشی ئێمە بزانین هیچ بەڵگەیەك نیە بەرگری لەوە بکات کە ناوی کچان بە ناوەکانی ( فیردەوس ) و ( جنة ) بنرێت، لەبەر ئەوە هیچ کێشەیەك نیە لەم مەسئەلەیەدا، چونکە ئەم دوو ناوە مانایەکی ناسك وجوانیان هەیە .

( فیردەوس ) لەزمانی عەرەبیدا بەمانای ئەو باخ و بێستانە دێت کە هەموو ئەو شتانەی تێدا بێت کە پێویستە لەباخ وباخاتدا هەبێت .

( جنة ) یش بەمانای ئەو باخ و بێستانە دێت کە دار خورما ودرەختی جوان وڕازاوەی تێدا بێت .

بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانن سەرنج بدەنە ( القاموس المحيط ) لاپەڕە ٧٢٥ و ١٥٣٢ هەروەها ( تهذيب اللغة ) بەرگی ١٣ لاپەڕە ١٠٤ ، ١٠٥ .

خوای گەورەش لەهەموو کەس زانا و شارەزاترە .

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام .